**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ـ عیراق**

## بڕیاری ژمارە (1)ی ساڵی 2006

بە پێی حوکمەکانی بڕگە (1)لە مادده (56) ی یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراوو مادده (6) لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عیراق، و یاسای ژمارە(16)ی ساڵی (2002)(یاسای تەسدیقکردنی پێکهاتنەکەی واشنتون)و لەسەر داواکاری ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عیراق، ئەنجومەن لەدانیشتنی نائاسـایی ژمارە(1)ی رۆژی (2006/1/21)، بڕیاری بە یاسـاکاری کردنی ئەو بڕیارەی خوارەوەی دا:

**یەکەم:**

تەسدیقکردنی پێکهاتنی گرێدراوی نێوان سەرکردایەتی هەردوو پارتی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان کە لەلایەن هەردوو رێزدار مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و جەلال تاڵەبانی ئەمینداری گشتیی یەکێتی نیشتمانیی کوردستانیەوە، لە (2006/1/21)دا دەربارەی یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی هەولێرو سلێمانی و پێکهێنانی حکومەتێکی یەکگرتوو بۆ هەرێمی کوردستان – عیراق ئیمزاکرابوو.

**دووەم:**

ئەو پێکهاتنە بە پاشکۆیەکی ئەم بڕیارە لە قەڵەم دەدرێ و لە هەمان رۆژەوە دەخرێتە بەرکارو بڕیارەکە لە رۆژنامەی فەرمیی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

**عەدنان رەشاد موفتی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان ـ عیراق**